**ئێلینا ڤلادێمیر تۆکەر**
**شارەزای ئابووری و وزە بەڕێوەبردنی بۆ گوڵان**

# نوخبەی دەسەڵات لە روسیا بڕوایان بە گۆڕانکاری هەیە



لە ڕوسیای فیدراڵ هاوولاتیان پێویستییان بە گۆڕانکاری هەبوو..

ئێلینا ڤلادێمیر تۆکەر خاوەنی دیبلۆمی باڵا لە بواری بەڕێوەبردنی و بواری و ئابووری وزەیە، ناوبراو بە ڕەگەز روسییە و هاوسەری کوردێکە، لە وەزارەتی کارەبای هەرێمی ئۆرال لە شاری کاترین بۆرگی روسیای فیدراڵ کاریکردووە، ئەندامی موئەسەسەی وزەیە لە روسیا کە سەر بە روسیای فیدراڵە.

لە روسیای فیدراڵ هەموو تیڕوانین و بۆ چوونەکان بەرەو بەتایبەتیکردن و گونجاندنی واقیعی ئابوورییانە لە رووی سەرمایەدارییەوە دەڕوات، کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی باڵای لە پێشکەوتنی پیشەسازی لە روسیادا هەیە، کە ئێستاکە زۆربەی کۆمپانیاکان بوونەتە کۆمپانیای ئەهلی....

بگرە بوارە پەیوەندییەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و داتاو زانیارییەکانیش لەلایەن کۆمپانیا ئەهلییەکانەوە جێبەجێی دەکرێت، کە ئێستا کە چوونەتە قۆناغێکی پێشکەوتوو لە تواناکانی بەرهەمهێنان و زیادبوونی داهات و سەرمایە و بەرهەمیان.

لەگۆڕنکارییەکان دا جەماوەر پێشەنگی گۆڕانکاری و ڕۆحییەتی وەرچەرخانیان تێدایە خاتوو ئێلینا لە روسیای فیدراڵ پێی وابوو: گۆڕانکاری لە ناواخنی جەماوەر و خەڵکەوە سەری هەڵداو دەسەڵاتیش ویست وحەزەکانی ئەمانی جێبەجێ کرد، لەمبارەیەوە ئێلینا دەڵێت:

دوای روخانی یەکێتی شۆڤێتی پێشوو سەربەخۆبوونی ئابووری روسیای فیدراڵ، ئابووری روسیا بەشێوەیەکی جوان گەشەی کرد، چونکە سودمان بینی لە هزر و بۆچوونی جیاواز و کلتوور و گۆڕانکاری دەرەوەی وڵات، ئەمەش وای دەخواست کە میللەت لەگەڵ واقیعی نوێی ئابووری بگونجێن، ڕاستە لە هەر گۆڕانکارییەك دا مەرج نییە هەموو شتەکان و واقیعەکە بە دڵی هەمووان بێت، بەڵکو زۆر جار گۆڕنکاری واقیعی وا دێنێت جیاوازە لەگەڵ ویست وخواستەکانی ئێمە، هاوولاتیان پێویستیان بە گۆڕانکاری هەبوو لە روسیای فیدراڵ، ئەمەش پاڵی بە حکوومەت و دەسەڵاتدارانەوە نا لەگەڵ

•••

**لە ڕوسیای فیدراڵ هاوولاتیان پێویستییان بە گۆڕانکاری هەبوو..**

•••

•••

**ئێلینا ڤلادێمیر تۆکەر خاوەنی دیبلۆمی باڵا لە بواری بەڕێوەبردنی و بواری و ئابووری وزەیە، ناوبراو بە ڕەگەز روسییە و هاوسەری کوردێکە، لە وەزارەتی کارەبای هەرێمی ئۆرال لە شاری کاترین بۆرگی روسیای فیدراڵ کاریکردووە، ئەندامی موئەسەسەی وزەیە لە روسیا کە سەر بە روسیای فیدراڵە.**

•••



**وەزارەتی ئابووری روسیا ڕۆڵێکی باڵای لە پێشخستنی ئاراستەکردنی ئابووری هەیە، ئەوان داڕێژەری سیاسەتی ئابوورین**



حەزو ویستی جەماوەردا بن و دەست بە کرانەوە و بە جیهانیبوونی روسیا بکە، لە گۆڕانکارییە گەورەکان دا کە ولآت لەسەرجەم کەرتەکانەوە دەگۆڕدرێت زۆر زەحمەتە دیاری بکەی کێ ڕۆڵی لەو گۆڕانکارییانەدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خودی هاووڵاتی خۆیەتی پاشان بەرپرسان و پیاوانی دەوڵەت کە لە دەسەڵاتدان ئەو ڕێوشوێنانە دەگرنە بەر کە گۆڕانکارییەکە مسۆگەر دەکات.

ئەوەی ئەو کاتە کە پەروەردە کرابوو لەسەر ئایدۆلۆژییەت و بیروبۆچوونی یەکێتی سۆڤێتی پیشوو زەحمەت بوو گۆڕانکارییەکە وەرگرن، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر لەگەڵ واقیعە نوێیەکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگونجێن، لێرەدا ئێلینا پێی وایە گۆڕانکاری ماوەیەکی دەوێت تاوەکو زۆرینەی خەڵك لەسەری رابێن یاخود خۆیان بگونجێنن، بۆیە ئەو ماوەیە بە ماوەیەکی ئینتیقالی یاخود ئەو حاڵەتە بێت کە لە داهاتوودا لەسەر سەقامگیری دەبێت.

گەندەڵی ئاستەنگی بەردەم ریفۆرمی ئابووری و هەموو گۆڕانکارییەکە کە ولآت بەخۆیەوە دەبینێ، بۆیە حکومەتەکان بەردەوام بەرنامەکاریان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی گەندەڵی بنەوە، روسیای فیدرالیش بە هاوشێوەی ولآتانی دیکەی جیهان دووچاری ئەم کێشەیە بوون و حکومەت بەرنامەی دژایەتیکردنی داناوە، ئێلینا لەمبارەیەوە دەڵێت:

وەزارەتی ئابووری روسیا ڕۆڵێکی باڵای لە پێشخستنی ئاراستەکردنی ئابووری هەیە، ئەوان داڕێژەری سیاسەتی ئابوورین، لەم پێناوەش بەرنامەوکاری نزیك مەودا و دوور مەودایان دارشتووە، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کە ئەمڕۆ لەسەرجەم جیهان و ولآتانی دنیادا بەرێژەی جۆراو جۆر هەیە حکومەتی روسیش هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، کە بە نەمانی گەندەڵی بەرهەم و داهاتی ولآت زیاتر دەبێت و گەندەڵیش خراپترین ئاستەنگی بەردەم گۆڕانکاری و چاکسازییە.

حکومەتی روسیا بەشێوەیەکی هاوسەنگ بایەخ بە سەرجەم بوارەکان دەدات، بۆ ئەوەی لە کەرتەکانی ئابووری کەموکورتی نەبێت و سەرجەم ئابووری بە جۆراوجۆری کەرتەکانیەوە گەشە بکات، سەرۆکی روسیا ڤلادیمێر



●●●
**سەرۆکی روسیا ڤلادیمێر پۆتین زۆر بایەخ بە ئابووری دەدات و ئەمەش لە ڕێگای بەرنامەیەکەوە کە نەوەی تازە ئەرکی جێبەجێکردنیان لە ئەستۆگرتووە**
●●●

پۆتین زۆر بایەخ بە ئابووری دەدات و ئەمەش لە ڕێگای بەرنامەیەکەوە کە نەوەی تازە ئەرکی جێبەجێکردنیان لە ئەستۆگرتووە، ئەو کەسانەی خاوەنی بڕوانامەی بەرزن کۆمپانیا گەورەکانی وڵات بە مووچەیەکی بەرز وەریان دەگرن و سوود لە تواناکانیان دەبینن، کەسە بە تواناکان بەشـێوەیەکی چالاکانە لە روسـیای فـیدراڵ ڕۆڵیان لـە پەرەپێدانی حکومەت و دەوڵەت هەیە، دەسـەڵات دابینکەری پێداویسـتییەکانی ئەم پەرەپێدانەیە، چونکە نوخبەی دەسەڵات زۆر بڕوایان بەوە هەیە، کە ئەوان لەم ئەزموونە سـەر دەکەون و ڕووبەڕووی هەموو گرفت و کێشەیەك دەبنەوە، ئابووری روسیا دەوڵەمەندە و خاوەنی داهات و سامان و توانای مرۆیی بێ وێنەیە، ئێستاکە تەکنەلۆژیا و بڕوانامەی بەرز لە روسیای فیدراڵ زۆر سـەری هەڵداوە و بەمنزیکانە دەگاتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، ئەمەش بۆ پێشکەوتنی ئابووری گرنگە بوونـی زەمانەتی تەندروسـتی گرنگیدان بە بڕوانامەی بەرز هەنگاوێکی دروستی حکومەتە تاوەکو شارەزای روسی گەشەبکەن، و سەرقافڵەی گۆڕنکاری و ریفۆرم بن.

- ئەو خاڵەی گرنگ بێـت لە گفتوگۆکەمان دا لەگەڵ خاتـوو ئێلینا بوونـی ماوەیەکی ڕاگوزەرە لە گۆڕانـکاری دا، کـە زۆرجا هاوڵاتی ئاسـایی خـۆی بۆ ئامـادە نەکـردووە و زۆر حاڵەتی سـلبی لێدەکەوێتەوە، گۆڕانکاری کاتێك ڕوویدا روسـیا پێشوو گۆڕانکاری فراوان بوو لە نزامێکی سۆشیالیسـتی بۆ سەرمایەداری، ئەمەش کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند بوو، کە کاردانەوەی خراپی لەسەر بازاڕ وگرانی هەبوو، بەشێوەیەکی گشـتی نرخەکان گران بوون و هەڵاوسان ڕوویدا.
- بەڵام ئەمڕۆ روسیای فیدراڵ بە ئاراستەیەکی باش بەرەو پێش دەچێت و بوونی سـەرۆکێك کە بڕوای بـە ریفۆرمی ئابووری و گۆڕانـکاری هەیە، زامنی ئەم گەشە ئابوورییە دەکات، من کە هاتم بۆ کوردستان بینیـم کە ڕێگایەکی باش هەڵبژێـرن و ئومێدەوارم لە گۆڕانکاری نەترسن و لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردوام بن، ڕەنگە لەسـەرەتای قۆناغەکەدا گرفت و سلبیات بێتە بەردەم هاوڵاتی، بەڵام بـە تێپەڕبوونی کات بەرهەمی گەشەی ئابووریتان دەست دەکەوێت.

